چیرۆک




bakrdarwesh@yahoo.com

بەکر دەروێش


# وەسیەت



کاتێک شێر دەبێ بە هاوڕێی کەمتیار ئەوە شورەیی نییە بۆ کەمتیار بگرە سوکایەتییە بۆ خودی شێر، چونکە ئەوە شێرە لە داهاتوودا باجی ئەو هاوڕێتییە سەنگەلایە دەداتەوە نەک کەمتیار. ڕۆژێکیان مامۆستا بەکر کە مامۆستای پەروەردە بوو بانگی کردمە لای خۆی و گوتی: بەکر دەروێش تۆ قوتابییەکی زیرەکی چی وای لێ کردووی ببیتە هاوڕێی ئەم تەمەڵ و تەوەزەلانە؟ تۆ ئەگەر واز لە هاوڕێتی ئەمانە بێنی و تۆزێ زیاتر کۆشش بکەی هەموو ساڵێ یەکەم دەردەچی. ئەو دەمە بە حوکمی تەمەنی منداڵیم بایەخێکی ئەوتۆم بە قسەکانی مامۆستا بەکر نەدا و زۆریش نەچووم بە تانوپۆیاندا، بگرە هەر وەک ئامۆژگارییەکی سادە و ساکار بە بن گوێمدا تێ پەڕی، کورد گوتەنی هەر وەک ئەوەی گوێزم بۆ بژمێرێ وابوو، چونکە مامۆستا بەکر یەکێ بوو لەو مامۆستایانەی کە هەرگیز بە دار و زللە لێی نەدەداین، بەڵکو هەموو کات هێمن و لەسەرخۆ بە زمانی شیرین مامەڵەی دەکردین، ئاخر ئێمە کۆمەڵە قوتابییەک بووین لەسەر ئەوە ڕانەهاتبووبن گوێ لە ئامۆژگاریی مامۆستاکانمان بگرین، یان نرخ بۆ قسە و وتەی لە خۆمان گەورەتر دانێین، بەتایبەتی کاتێک ئەو کەسە بە زمانی خۆش و لەبزی شیرین لەگەڵماندا بدووایە، ئێمە بەوە ڕاهاتبووین هەموو کات بە کوتەک لەگەڵماندا بجووڵێنەوە، لە مەکتەب چ مامۆستایەک دار و زللەی قایمی لێ بداباین، لە هەموو مامۆستاکانی تر زیاتر لێی دەترساین و ڕێزمان دەگرت، لە ڕاستیدا ئێمە قەت فێر نەبووین ڕێز لە خۆمان گەورەتر بگرین ئەگەر لێی نەترسابێتین، ئێمە لە نێوان ڕێز و ترسدا جیاوازیمان نەدەکرد، ترسمان بە ڕێز و ڕێزمان بە ترس دەزانی، ڕێزی باوکمان نەدەگرت بەڵام لە ترسی زللەکانیدا





بەقسەیمان دەکرد، ڕێزمان لە مامۆستاکانمان نەدەگرت، بەڵام لە ترسی دارەکانیاندا گوێمان لە وانەکانیان دەگرت، هەر لە سەرەنی ئەمەشەوە بوو هەموو کات تەمبەڵ و تەوەزەل خەریکی قۆپێکردن بووین، بۆیە هەموو ساڵێک ساقیت دەبووین، هەرگیز کارتمان نەدەبردەوە بۆ ماڵ، ئەگەر لێشمانیان بپرسیبایە کوا کارتەکانتان هەزار سوێندمان بە درۆ دەخوارد کەوا هێشتا کارتیان دابەش نەکردووە، ئێمە کۆمەڵێ قوتابی هاروهاج بووین، زۆر رقمان لە قوتابیی زیرەک و ئازا بوو، بۆیە هەر قوتابییەک کۆشش و سەعی بکردایە لە نێوماندا جێگەی نەدەبووە، لە پۆلدا کاتێک کە مامۆستا لەسەر سەبورە خەریکی نووسین دەبوو، یان قاقەز یان تەباشیرمان دەگرتە یەکتر، ئەگەر ئەوەشمان نەکردایە قاچمان دەخشان بەزەویدا و پۆلەکەمان پڕ دەکرد لە خشەخش، هەموو کات ئەمە پیشەمان بوو، بۆیە سەرئەنجام کەسمان قوتابخانەمان بۆ تەواو نەکرا، کە گەورەش بووین پێش ئەوەی ناومان بێت بۆ عەسکەری هەریەکەو هەوێی فرسانیمان خستە گریفانمانەوە، ئەوانەشمان کە لە دەمی شەڕوشۆڕ و ئاشوبی ئەم وڵاتە رزگارمان بوو ئێستا ژنمان هێناوە و یەکی کۆمەڵێ منداڵی چەتوونی وەک خۆمانمان خستووەتەوە، کە هەر لە ئێستاوە کتومت لە خۆمان دەچن، ئەگەر بەزللە و تێهەڵدان نەبێت هەرگیز بە قسەمان ناکەن و حورمەتمان ناگرن، ئەگەر رۆژێک لە بازاڕ بە دەستی بەتاڵ بگەڕێینەوە بەدەم بتوبۆڵەوە لە ژێر لێوەوە پێمان دەڵێن قەت بەخێر نەیەنەوە، ئێستا دوای تێپەڕبوونی سێ بەشی تەمەن تازە بەتازە گەردەلوولی پەشیمانی لە ناخما هەڵی کردووە و لە خۆم دەپرسم چی وای لێ کردم ببمە هاوڕێی کۆمەڵێ قوتابی شەڕانی و جنێوفرۆش؟ وەک کەسێک سامی

پەشـیـمـانـی هـەناوی بگوشێ و سـزای خـۆی بدات قـەدەرێک کـشـومـات رادەمـێـنم، دیسـان بـه خـۆم دەڵێم ئـەگـەر ئەو سـەردەمـە منداڵ بووم، خـۆ کاتێک کە گـەورەش بووم پەند و عیبرەتم لە منداڵی خـۆم وەرنەگرت و دیسان بووم بە هـاوڕێی چەندان کەسی کەمتیار رەفتـار و رێوی رەوشت، کە بە ناوی دۆسـتـایەتییەوە وەک مـاری دووسـەر پێیـانەوە دام، تاخـۆیان مـەبەستیان لەو هـاوڕێتییە هـەبوو گاڵتە و مـەخسـەرەیان پێ کردم، کە مـنیش گاڵتەیەکم لەگەڵیـاندا کردبێت تووڕە بوون و هـەسـتـیـان بریندار کـردووم، رەفـتـاری دزێو و ناشـرینیـان بەرانبەرم ئەنجـام داوە، ئێستـا پاش تەمەنێکی دوور و درێژ، پاش ئەزمـونێکی زۆر لـە هـاوڕێتـیکردن و دۆسـتـایەتیکردنی جۆرەهـا کـەس، لە رەفـاقـەت و هـاونشـینی خـەڵکانی باش و خراپ، تازە بەتـازە هـەقیقـەتی قسـەکانی مـامـۆسـتـا بەکرم بۆ دەردەکـەوێ، بـەڵام دوای چی؟ ئێـسـتـا گـەیشـتـومـەتە ئەو قـەناعـەتی کـە هـەمـوو مـرۆڤـێک پلە و پـایەی خـۆی بزانێ و هـەڵسـوکەوت و رەفـاقەتی هـەمـوو کەسێک نەکات باشـە، هـەر مرۆڤێکیش بە گوێرەی ئینسانبوونی خـۆی رێزی بۆ دانێیت، نەوەکـا بەیەک چاو سـەیری دانایەک و گـەلحـۆیەک بکەیت، ئەگەر تۆ رێزی خـۆت نەگری و ریشی خـۆت بدەی بە دەسـتی هـەمــوو کــەســێکەوە، ئـەوە دەبێ تـەوەقــعی ئـەوە بکـەی لە ماوەیەکی کەمدا تەڵێ موو بە ڕیشتەوە نەمێنێ، ئێستا چەند بیر لە قسـەکانی ئەوسای مـامـۆستـا بەکر دەکەمـەوە دەست دەکێشم بە دەستدا و نەک جارێ بگرە سەد جار پەشیمانم، بەڵام تـازە پەشـیـمـانـی چ دادێکم دەدات؟ قـۆنـاغی منداڵی بناغـەیەکی پتـەوە بۆ مــرۆڤ، هـاوڕێتـیکردنی سـەردەمی منداڵیم لەگەڵ ئەو کـەسانـەدا هەڵەیەکی گەورە بـوو، شێـر بۆ ئەوە نەخـوڵقاوە ببێتـە هـاوڕێ و هـاوەڵی لاک خـۆرێکی وەک





کەمتیار، یان ببێتە دۆستی بێ فرسەتێکی وەک گورگ، شێر دەبێ هاوڕێ و دۆستی شێر بێت، هاوەڵ و رەفیقی پڵنگ بێت، بۆ رێوییەک شورەیی و عەیب و عار نییە ئەگەر رۆژێک لە رۆژان لە ماڵی شێر داوەت بێت و نان و نمەکی ئەو بخوات، بەڵکو ئەوە بۆ ئەو شەرەفە، بەڵام لەنگییە بۆ شێرێک ئاو بکات بە دەستی رێوییەکدا بە بەهانەی ئەوەی گوایە خاوەن ماڵ دەبێ لە خزمەتی میواندا بێت، شێر ئەگەر خۆی رێزی خۆی نەگرێت و بچێت ببێت بە دۆست و هاوەڵی رێوی و کەمتیار، ئەوە دەبێ بە دووری نەزانێ رۆژێک لە رۆژان ببێتە مەخسەرەی دەمیان ، شێر دەبێت بزانێ چۆن رێز و حورمەتی خۆی دەسەپێنێ بەسەر هەموو گیانلەبەرەکاندا، دەبێ بزانێ چۆن وا دەکات مەخلوقگەلێکی وەک کەمتیار و چەقەڵ و رێوی زات نەکەن لە دووریشەوە سەیری بکەن، نەک عابا و عاسا هەڵگرن و لە شانی رێ بکەن، شێر بۆ ئەوە خولقاوە تاج لە سەر نێت، پاشا بێت و حوکم بکات، گیانلەبەرەکان فێری خوو و رەوشتی باش بکات، نەوەک دوای چەقەنە لێدان و سوورِ و سەمای لاک خۆرەکان بکەوێ، کاتێک کە شێر رێزی خۆی نەگرێ هیچ ئاژەڵێک ئامادە نییە رێزی بگرێ، ئەوە شێرە بە هەیبەت و هێزی خۆی دەبێ وا بکات تەواوی مەخلوقاتی دارستان گوێی لێ بگرن و لە ئەمر نەهی ئەودا بن، شێر بۆ ئەوە نەخولقاوە لەبەر دەرگەی ماڵی ورچدا پاسەوان بێت، یان جووتیار و باخەوانی مانگا بێت، لە نێو دەنگی هەموو ئاژەڵەکاندا بە دەنگی شێر دەگوترێت نەڕە، کەچی بەدەنگی کەمتیار دەگوترێت بۆڕە، نەڕە و بۆڕە ئەرز و ئاسمانیان نێوانە، تەنانەت ئینسانیش زۆر جار خۆی بە شێر دەشوبهێنێ و پێی خۆشە پێی بڵێن فلان کەس تۆ وەک شێر وای، ئازا و

چاونەترسی، بەڵام کەس رازی نییە پێی بڵێن تۆ لە کەمتیار دەچیت، ئەوانەش کە خۆیان بە گورگ دەشوبهێنن لەبەر ئەوەیانە گوایە گورگ ئازا و چاونەترسە، بەڵام بێ ئاگان لەوەی کەوا گورگ تەنیا بە مەڕ و بزن دەوێرێ، قەت رۆژێک لە رۆژان بیستووتانە گورگێک شێرێکی کوشتبێت؟ ها شاوڵی پڵنگێکی دابێت؟ خوا کە زەویی خەڵق کرد و دارستانی رووان، یەکەم گیانلەبەر کە خەڵقی کرد و کردی بە پاشای دارستان شێر بوو، دوای ئەویش ئاسکی خەڵق کرد چونکە شێر قابیلی ئەوەیە تەنیا گۆشتی ئاسک بخوات، ئادەم کە گەیشتە سەر زەوی یەکەم گیانلەبەر کە بینیی شێرێک بوو لە بێشەڵانێکدا خەوتبوو، بە دەیان ئاژەڵیش لە بەردەم بێشەکەیدا دەستەوەستان لە خزمەتیدا بوون، جا ئەگەر شێرێک حورمەتی شێربوونی خۆی نەگرێ و ببێتە هاوڕێی گورگ و چەقەڵ و کەمتیار ئەوە کەی شایەنی ئەوەیە پێی بگوترێ شێر؟ شێری وا دوای ئەوەی تێر گەمەی پێ دەکەن و پێی رادەبوێرن دەیخەنە بیرێکەوە و ملی دەشکێنن، دوایش تێر و پڕ بە ئەقڵی پێ دەکەنن، من ئێستا بۆم دەرکەوتووە ئەو قسانەی مامۆستا بەکر چەند لە جێی خۆیاندا بوون، ئێستا رۆژانە باجی هەڵەکانی خۆم دەدەمەوە، جا با وەسیەت بێ لاتان هەرگیز مەبنە هاوڕێی مرۆڤی کەمتیار رەوشت، با سبەی وەک من پەشیمان نەبنەوە، چونکە کەسێک شێر بێت خۆی ناکات بە هاوەڵی چەقەڵ و کەمتیار، کە کردیشی دەبێ سبەینێ ژان و ئازاری کەڵەکانیان هەڵگرێ، تا ماویشە پەشیمانی دادی نادات، با هەزار جار پەنجەی خۆی بگەزێ، چونکە وەک مامۆستا بەکر گوتی: ئەوە شێرە لە داهاتوودا باجی ئەو هاوڕێتییە سەنگەلایە دەداتەوە نەک کەمتیار.

